# دروســتەی مـۆرفـۆفـۆنـۆسـینتاکـس لـە زمـانـی کــوردیـدا

(PP 75 - 95)

**پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزو**
زانکۆی گەرمیان/کۆلێژی پەروەردە ـ بەشی زمانی کوردی
Email: dr.omedbarzan@yahoo.com

**مـێژووی وەرگــرتن: 2016/01/24**
**مێژووی پەسندکردن: 2016/04/14**

**پـوختـە**

ناونیشـانی توێژینەوەکـە (دروسـتەی مۆرفۆفۆنۆسـینتاکس لە زمـانی کوردیدا)یـە، کـە تێـدا بـاس لـە زاراوەو چـەمکی مۆرفۆفۆنۆسـینتاکس و دروسـتەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی لە دروستەی فرێزو ڕستەدا کراوە، پاشان باس لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی و لێڵی لە زمانی کوردیدا کراوە.
لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

**1- پێشـەکی:**

**1-1 ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشـانی تـوێژینەوەکە (دروسـتەی مۆرفۆفۆنۆسـینتاکس لە زمـانی کوردیـدا) یە. بە شـێوەیەکی گشـتی تـوێژینەوەیەکی هەمەلایەنە لەســـەر ئەم بـــابەتە لە زمــــانی کوردیــــدا بەرچاوناکەوێــــت. لێـــرەدا هەوڵـــدەدرێت، ئەو دروســـتە مۆرفۆفۆنۆسینتاکسیانەی کە لە ئەنجامی سەرەوریزبونو بەدواییەکداهاتنی وشەو مۆرفیمە بەندەکان لە دروستەی فرێزو ڕستەداو ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە ڕودەدەن، دەستنیشانبکرێنو بخرێنەڕو.

**2-1 گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە خستنەڕوی لقێکی تری زمانەوانییە بەناوی (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس)ەوە، کە لە ئەنجامی پەیوەندیو تێکچرژانی ئاستەکانی سینتاکسو مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجییەوە دێتە ئاراوە.

**3-1 ڕێبازو سنوری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکـراوە. سـنوری تـوێژینەوەکەش لە ئاسـتی سینتاکسـدایە، واتە بە خسـتنەڕوی نمونەکانی دروستەی فرێـزو ڕسـتەکان لە زاری ناوەڕاسـتی زمـانی کـوردی، کۆمەڵێـك گـۆڕانی دەنگی لە ئەنجـامی سـەرەوڕیزبونو دانەپاڵیەکی وشەو مۆرفیمەکاندا ڕودەدەن.

**4-1 بەشەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە چوار تەوەر پێکهاتوە:

لە تەوەری یەکەمدا باس لە زاراوەو چەمکی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە زماندا کراوە.

تەوەری دووەم خستنەڕوی دروسته مۆرفۆفۆنۆسینتاکسـییەکانە لە فرێـزدا، ئەویـش لە ئەنجـامی سـەرەوڕیزکردنو خسـتنەپاڵیەکی وشەو مۆرفیمە بەندەکانە لە دروستەی فرێزو ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە ڕودەدەن.

تەوەری سـێیەم خسـتنەڕوی دروسـته مۆرفۆفۆنۆسینتاکسـییەکانە لە ڕسـتەدا، ئەویـش لە ئەنجـامی گـوێزانەوەو بەکلیتککردنـی کەرەستەکانە لە دروستەی ڕستەی کورتکراوەو ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە ڕودەدەن.

لە تەوەری چوارەمدا باس لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسیو لێڵی کراوە.

**2- زاراوەو چەمکی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە زماندا:**

یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی زمانەوانیی نوێ دەستنیشانکردنو لێکـۆڵینەوە بـو لە یەکە زمانییەکـانو ئاسـتەکانی زمـان. بـۆیە پەسنکردنی زمان پێویستی بە خستنەڕوی ئاستەکان هەبو بۆ شیکردنەوەی زمان لە چوارچێوەیاندا(میشـال زکریـا، 1980: 208). لەم ڕوانـگەیەوە بونیادگەرەکـان بە شـێوەیەکی جیـاو سـەربەخۆ لە هەر ئاسـتێکیان کۆڵیـوەتەوە، بەوەش ئاسـتەکانی زمانیـان لە یەکـتر دەتـرازان. چـونکە دانـانی سـنورو جیـاکردنەوەی ئاسـتەکان تەنیـا بـۆ مەبەسـتی ئاسـانی شـیکردنەوەو لێکـۆڵینەوەی زمـانە، هەر سیستەمێکیش: دەنگی یان ڕێزمانی یان واتایی بێت، هەمویان لەژێر کاریگەریی سیستەمی گشتیی زماندا کـاردەکەنو پەیوەنـدییەکی

بەهێزیش لە نێوانیاندا هەیە(نایف خرما، 1979: 284). لە لایەكی ترەوە ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گوێزانەوەش لەپاڵ ئەوەی گرنگیان بە ئاستەكانو یەكە زمانییەكان داوە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، كە:

1- ئەم یەكە زمانییانە لە نێوان ئاستەكاندا دەپەڕنەوە، بەمەش ئاستەكان تێكەڵ بە یەكتر دەبن، بۆیە پەیوەندیو تێكچڕژانو گۆڕان لە نێوان ئاستەكانی زماندا دروستدەبێت، بە جۆرێك سنوری نێوانیان ڕون نییەو كەرەستەكانیان دەچڕژێنە ناویەكو بەئاسانی جیاناكرێنەوە، لە زۆر كاتیشدا چەندین گۆڕان لەم ئاستانەدا ڕودەدات. واتە كاتێ كەرەستەكانی زمان بەكاردەهێنرێن، كردەی قسەكردن پێكدێت، لەم كردەیەدا پەیوەندی لە نێوان ئاستەكاندا پەیدادەبێت، كە پەیوەندییەكی ئاڵۆزو تێكچڕژاوە، چونكە كەرەستەی جۆراوجۆر لە یەكتر جیاواز پێكەوە كۆدەبنەوەو لە بەكارهێنانو كاركردنیانیشدا گۆڕان ڕودەدات(ڕەفیق شوانی، 2011: 14).

2- چۆمیسكی ڕای وایە، كە لەناو ڕستەدا هەمو ئاستەكانی مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجیو سیمانتیكی تێدایە(ئومێد برزان برزو، 2010: 26). چونكە بەپێی تیۆری بەرهەمهێنانو گوێزانەوە ئاستی سینتاكس ئاستی بەرهەمهێنانی بنەڕەتییەو ئەم تیۆرەش بە نمونەیەكی تەواو دادەنرێت، كە تیایدا پەیوەندییەكانی نێوان ئاستەكانی زمان نیشاندەدات(میشال زكریا، 1980: 212).

ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، كە ئاستەكانی زمان پەیوەندییان بە یەكەوە هەیەو یەكە زمانییەكانیش لەنێوان ئاستەكاندا دەپەڕنەوە، لە ئەنجامی ئەم پەیوەندیو تێكچڕانو گۆڕانەش ئاستو لقی زمانەوانیی نوێ پەیدادەبن. بۆ نمونە تێكچڕژانو تێكەڵبونی هەردو ئاستی مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجی لە ڕێگەی دانەو یەكە زمانییەكانیان (وشە، مۆرفیم، ئەلۆمۆرف، مۆرف، فۆنیم، ئەلۆفۆن، فۆن) بە جێگۆڕكێی مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجی ناودەبرێت، كە تێكچڕژانی هەردو ئاستەكە نیشاندەداتو لەژێر ناوی (ئاستی مۆرفۆفۆنیم) كۆدەبێتەوە(بازیان یونس محی الدین، 2008: 53). واتە ئاستی مۆرفۆلۆجی ڕۆڵێكی چالاك لە دروستكردنی پەیوەندی بە ئاستەكانی تری زمانەوە دەبینێت. بۆیە شیكردنەوەی مۆرفۆلۆجیی هەر زمانێ ئەم ئەركانە بەجێدەهێنێ(وریا عومەر ئەمین، 2004: 79):

1- دەستنیشانكردنی كەرەسە هەرە خاوەكانی مۆرفۆلۆجیی زمانەكە كە مۆرفێمەكانییەتی.

2- دەستنیشانكردنی پێكهاتنی فۆنەتەكتیكیی مۆرفێمەكان.

3- دەستنیشانكردنی ئەو یاسایانەی مۆرفیمەكان لێكئەدەن بۆ داڕشتنی وشەكان.

4- دەستنیشانكردنی ئەركی مۆرفۆلۆجیی كەرەسە ناكەرتییەكان.

5- دەستنیشانكردنی قاڵبە جیاوازەكانی هەمان مۆرفێم (ئەلۆمۆرفەكانی) كە لە ئەنجامی كارتێكردنی بیئەی فۆنۆلۆجیی جیاوازەوە سەرهەڵئەدەن. ئەمە پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجییەوە ئەخاتەڕو و یاساكانی بە مۆرفۆفۆنێمی ناوئەبرێن.

بە واتایەكی ترو بە كورتی دەتوانین بڵێین وشەسازی چەند ئەركێكی هەیە(عبدولواحید موشیر دزەیی، 2012: 18):

1- دەستنیشانكردنی كەرەستە خاوەكان، واتە پێكهاتەكانی وشەسازی.

2- چۆنییەتی ڕێزبونی مۆرفێمەكان لە سنوری ڕستە و گرێ.

3- دەستنیشانكردنی مۆرفەكان، واتە بەستنەوەی فۆنۆلۆژی بە وشەسازی.

بۆ نمونە:

(1) ئاسن + گەر = ئاسنگەر (دروستەی مۆرفۆلۆجی)

(2) مس + گەر = مزگەر (دروستەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی)

بەم پێیە بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی بە خستنەڕوی هەردو پێوەری مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجی جێبەجێدەكرێت، چونكە لە لێكدانی مۆرفیمەكان لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەكاندا چەند گۆڕانی فۆنۆلۆجی ڕودەدەن. بۆیە ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجی لە سێ بەش پێكهاتوە(بریجیتە بارتشت، 2010: 160-161):

ا- زانستی دروستەی فۆنۆلۆجیی مۆرفیمەكان.

ب- زانستی گۆڕانە دەنگییە هاوتاكان كە مۆرفیمەكان لە ئەنجامی لێكدانیاندا توشی دەبن.

پ- زانستی زنجیرەی گۆڕانە دەنگییەكان كە ئەركی مۆرفۆلۆجی دەگێڕن.

هەروەها چۆنییەتی سەرەوڕیزبونی مۆرفیمەكان لە سنوری ڕستەو فرێزداو بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاكسی بە خستنەڕوی هەردو پێوەری مۆرفۆلۆجیو سینتاكسی جێبەجێدەكرێت. چونكە مۆرفیم دانەیەكی مۆرفۆلۆجییەو دەبێتە دواپێكهێنەرەكانی ڕستە، لێكدانی مۆرفیمەكان بۆ پێكهێنانی ڕستەی ئاسایی دەبێتە بەشێك لە ڕێزمانی زمانەكە، بەمەش مۆرفیم دەچێتە ئاستی سینتاكسەوە(كەوسەر عزیز ئەحمەد، 1990: 112). كەواتە مۆرفیم بچوكترین یەكەی هەردو پێكهاتەی مۆرفۆلۆجیو سینتاكسییە لە ڕوی واتا یان ئەركەوە ـ ئەركی داڕشتن یان ڕێزمانی(ئەبوبەكر عومەر قادر، 2003: 14). هەندێكجاریش لە ئەنجامی جێبەجێكردنی

یاساکانی سەرەوڕیزکردنو خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفیمەکان لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەشێت ببێتە هۆی تەقینەوەو جێبەجێبونی یاسا فۆنۆلۆجییەکان، بەمەش دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی بەرهەمدێت. بۆیە لێکۆڵینەوە لە ئاستی (مۆرفۆفۆنیم) وەك ئەنجامێك یان كاردانەوەیەك بو بۆ هەندێك لە زمانەوانەکان، بەوەی لێکۆڵینەوە ڕستەسازییەکانیان لە بابەتی فۆنۆلۆجی جیادەکردەوە، کە ئەمەش بووە هۆی دروستبونی گرفت لە بەردەم پەیوەندیی ئاستی فۆنۆلۆجی بە ڕستەسازییەوە، بۆ زاڵبون بە سەر ئەم گرفتەشدا، ئەم ئاستە نوێیەی شیکردنەوە هاتەکایەوە(أحمد مختار عمر، 1997: 71). بۆ نمونە:

(1) دز + ەکە = دزەکە (- ەکە) (دروستەی مۆرفۆسینتاکس)

(2) ا- وەستا + ەکە = وەستاکە (- کە) (دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس)

ب- ماسی + ەکە = ماسییەکە/ماسێکە (- یەکە، - ێکە)


پ- پەمو + ەکە = پەمووەکە/پەمۆکە (- وەکە ، - ۆکە)......تد

لە نمونەی (1)دا، نیشانەی (- ەکە) گیرەکێکی ڕێزمانییەو چووەتە سەر ناوەکە، بەمەش سەرەی فرێزە ناوییەکەی کردوەتە ناوێکی ناسراو، ئەمەش پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە سینتاکسەوە دەردەخاتو دروستەی مۆرفۆسینتاکسی نواندوە. لە نمونەکانی (2)دا هەمان پرۆسە جێبەجێکراوە، بەڵام لێرەدا لە ئەنجامی سەرەوڕیزبونی مۆرفیمەکاندا کۆمەڵێك گۆڕانی دەنگی بە سەر مۆرفیمە ناسراوییەکەدا هاتوەو لە چەند فۆرمێکی جیاوازدا دەرکەوتوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییەی تیایدا دەردەکەوێت. بۆیە ژینگەی فۆنۆلۆجی دەبێتە هۆی دروستبونی ئەلۆمۆرف، ئەم دیاردەیەش مۆرفۆفۆنیم دروستدەکات(ماریوبای، 1998: 107). کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئەم ئەلۆمۆرفانەی مۆرفیمی (- ەکە) گۆڕانێکی فۆنۆلۆجیان لە ژینگەی جیاجیای فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتوە بە کاریگەریی فۆنیمەکانی ئەمبەرو ئەوبەر یاخود دوافۆنیمەکانی وشەکان کە یاسای گرو کپو دو بزوێنیو نیمچەبزوێنو یاسای توانەوەیان بەسەردا سەپاوە، کە ئەمانەش گشتیان سەر بە ئاستی فۆنۆلۆجیی زمانو لە ئاستی فۆنۆلۆجیی زماندا بەدیاردەکەون بۆ پێکهێنانی (یاسای مۆرفۆفۆنیمی) لە زماندا(بازیان یونس محی الدین، 2008: 81). ئەمەش پەیوەندی و تێکچڕژانی نێوان ئاستەکانی سینتاکسو مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجی دەنوێنێت.

سەبارەت بە زاراوەو چەمکی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس، شایانی باسە (بازیان یونس محی الدین) لە زمانی کوردی ئاماژەی بۆ ئەم زاراوەیە کردوەو بەم شێوەیە پێناسەی کردوە: زاراوەیەکی زمانەوانییە، هەر سێ ئاستی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجیو سینتاکس بە تێکچڕژاوی نیشاندەدات، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییە بەسەر مۆرفیمەکانی زمان لە ئاستی سینتاکسدا ڕودەدات، یاخود مۆرفیمەکانی زمان کە ئاستی سینتاکسی جێبەجێ دەکەن وەك دیارخەر لە فرێزی ناویدا گۆڕانی فۆنۆلۆجیان لە ژینگەی فۆنۆلۆجیدا بەسەر فۆنیمەکانیدا دێت بە کاریگەریی فۆنیمەکانی دەوروبەر بە (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس) ناودەبرێت(سەرچاوەی پێشو: 104). پاشان لە پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە سینتاکس (مۆرفۆسینتاکس)دا باسی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسەکانی دروستەی فرێزو ئەلۆمۆرفەکانی کردوە، کە تیایدا بەشێکی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجیانەی کە بەسەر دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دێتو پەیوەندی نێوان هەر سێ ئاستی فۆنۆلۆجیو مۆرفۆلۆجیو سینتاکسی خستوەتەڕو(سەرچاوەی پێشو: 93-136). شایانی باسە ناوبراو پێناسەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسو بەشێك لە یاسا مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکانی لە دروستەی فرێزەکاندا باسکردوە.

پاشان (وریا عومەر ئەمین) لەژێر ناونیشانی (مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس)دا، دەڵێت: ئەو داڕشتنانەی کە (مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجی) بەشداری لە ئەنجامدانیان دەکەن، بە یاساکانی (مۆڕفۆفۆنیمی) ناودەبرێنو ئەو داڕشتنانەی کە (سینتاکسو مۆرفۆلۆجی) بەشداری لە ئەنجامدانیان دەکەن، بە یاساکانی (مۆڕفۆسینتاکسی) ناودەبرێن، بەلای منەوە بۆ داڕشتنی پۆلۆسینسیتیی لێڵ (مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس) زاراوەیێکی گونجاوە(وریا عومەر ئەمین، 2014: 12). توێژینەوەکەی ناوبراویش تەنیا بۆ دروستەی ڕستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی لێڵ لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە.

بۆ خستنەڕوی پەیوەندی نێوان ئەم سێ ئاستەو نواندنی دروستە مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا، پێویستە ئاماژە بۆ مۆرفیمو جۆرەکانی بکەین، کە لەم هێڵکارییەدا دەستنیشانکراون(محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر، 2006: 29):




3- دروسته مۆرفۆفۆنۆسینتاكسییەكان له فرێزدا:

مۆرفیمه بەندەكان (جگه له گیرەكی وشەدارێژ) بەشداری له داڕشتنی دروسته مۆرفۆسینتاكسییەكاندا دەكەن. چونكه گیرەكه ڕێزمانیو نووسەكەكان له ئاستی مۆرفۆلۆجیدا مۆرفیمن، بەڵام ئەركی سینتاكسیان هەیه بۆ ڕێكخستنو نواندنی دروستەی سینتاكسی له ڕێگەی ئەو مۆرفیمو وشانەی كه ئەم جۆره كەرەستانه لێكیان دەدەنو پرۆسەو سیستەمی یاسا ڕێزمانییەكان ڕێكدەخەن(بازیان یونس محی الدین، 2008: 96). له بەشێكی ئەم پرۆسەو سیستەمه مۆرفۆسینتاكسییەدا كۆمەڵێك گۆڕانی دەنگی دێنه ئاراوه، كه ئەمەش دەبێتەهۆی نواندنی چەند شێوەو فۆرمی جیاوازی مۆرفیمه بەندەكان كه پێی دەوترێ ئەلۆمۆرف، دەتوانرێ بوترێ ئەلۆمۆرف شێوه جیاجیاكانی هەمان مۆرفیمه كه بەهۆی ژینگەی دەنگیی جیاوازەوه له دروسته سینتاكسییەكاندا پەیدادەبن، بۆیه دروسته مۆرفۆفۆنۆسینتاكسییەكان سەرچاوەی دروستكردنی ئەلۆمۆرفن له زماندا. لێرەدا ئاماژه بۆ یاسا مۆرفۆفۆنۆسینتاكسییەكانی دروستەی فرێزەكان دەكەین.

1-3 گیرەكه وشەگۆڕەكان (ڕێزمانییەكان):

1-1-3 مۆرفیمی ناسراوی:

كردەی ناساندن یەكێكه له تایبەتییەكانی فرێزی ناوی. واته تایبەته به فرێزی ناویو كۆتایی فرێزەكەش دەگرێت ( Fattah, 1999: 40). ئەم مۆرفیمه وەكو دیاریكەرێك دەچێته پاش سەرەی فرێزه ناوییەكەوەو كۆتایی فرێزەكه دەگرێت، بەمەش ڕۆڵی ناسراوكردنی ناوه گشتییەكه دەبینێت. ئەگەر سەرەی فرێزه ناوییەكه به پیتی نەبزوێن كۆتایی هاتبێت، ئەوا مۆرفیمی (- ەكە) دەردەكەوێت، بۆ نمونە:

كوڕەكە له ئاوەكەدا خنكا

هەروەها مۆرفیمی (- ەكە) بەپێی دەركەوتنی له كۆتایی فرێزی ناویدا چەند شێوەیەكی جیای هەیه، واته چەند ئەلۆمۆرفێكی هەیه، ئەگەر سەرەی فرێزه ناوییەكه به دەنگی بزوێن كۆتایی هاتبێت، بۆ نمونە:

| ناوی تاك | ناوی تاكی ناسراو | ناوی كۆی ناسراو |
|---|---|---|
| گوڵ | گوڵەكە | گوڵەكان |
| مامۆستا | مامۆستاكە | مامۆستاكان |
| میوە | میوەكە | میوەكان |
| بامێ | بامێكە | بامێكان |
| كانی | كانییەكە | كانییەكان |
| | كانێكە | كانێكان |
| چەقۆ | چەقۆكە | چەقۆكان |
| خانو | خانووەكە | خانووەكان |
| | خانۆكە | خانۆكان |

نمونـەکان ئـەوە دەردەخـەن، کە مۆرفـەکانی (- ەك، - کە، - ك، - یەکە، - یەك، - ێکە، - ێك، - وەکە، - وەك، - ۆکە، - ۆك) شێوە جیاجیاکانی مۆرفیمی ناسراوی (- ەکە) دەنوێنن، بونی ئەم فۆرمە جیاوازانەش لە ئەنجامی ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییەیە کە مۆرفیمەکەی تێکەوتوەو هەمویان دەبن بە ئەلۆمـۆرفی گیرەکـی نـاسراوی، بە واتـایەکی تـر دەتـوانین بڵـێین ئەلۆمۆرفەکـانی گیرەکـی نـاسراوی لە دروستەی فرێزی ناویدا بەهۆی ژینگەی فۆنۆلۆجیی جیـاوازەوە پەیـدادەبن، کە خۆیـان لە کـاریگەریی دەنگەکـان لەسـەر یەکـتر بە تێچون یان پەیدابون یان تەبایی دەنگ دەبیننەوە، ئەم گۆڕانە دەنگیانەش بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن.

### 2-1-3 مۆرفیمی نەناسراوی:

نەناسراوی مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە دەچێتە کۆتایی فرێزە ناوییەکەو ئەرکی دیاریکردنی ئاشکرانەکراو دەبەخشێت بەو فرێـزە ناوییەی کە دەچێتەسـەری(لیمۆ محمـود تۆفیـق، 2012: 108). واتە ئەم مـۆرفیمە بەشـداری لە دروسـتەی نـاوەوەی فرێـزی نـاوی دەکاتو دەچێتە پاش سەرەی فرێزەکەو دەیکاتە ناوێکی تاکی نەناسراو(ئومێد برزان برزو، 2010: 108). مۆرفیمی سەرەکی نیشـانەی نەناسراوی (- ێك)ە، بۆ نمونە:

نانـێك ، کچـێك ، مۆبایلـێك

لـەم نمونـانەدا دوادەنگی نـاوەکە کۆنسونانتە، بۆیە بەبـێ هـیچ گۆڕانێـك مـۆرفیمی (- ێـك) دەردەکەوێـت. بەڵام ئەگەر دوادەنگـی ناوەکە ڤاوڵ بێت، ئەوا بەپێی دوادەنگی ناوەکە مۆرفیمی نەناسراوی شێوەکەی دەگۆڕێتو دەبێت بە (- یەك) یـان (- یێـك)، چـونکە دو ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا بەدوای یەکدا نایەن، بۆ نمونە:

دێـیێك / دێـیەك

پادشایێك / پادشایەك

لەم نمونـانەوە دەردەکەوێـت، کە ئەلۆمـۆرفی مـۆرفیمی نەنـاسراوی (- یێـك) یـان (- یەك) دەبێـت. چـونکە لــەنێوان نــاوەکەو نیشانـەکـەدا نیمچەڤـاوڵی (ی) پـەیدابووە، بـەمـەش شـێوەی مۆرفیمـەکە بووە بە (- یێك) یان (- یەك)(ئەوڕەحمانی حـاجی مـارف، 1979: 205).

### 3-1-3 مۆرفیمەکانی کـۆ:

لەم زارەدا مۆرفیمەکانی کـۆ بـریتین لە (- ان، - ەهـا، - ات)، کە هەریەکەیـان فـۆرمو چەنـد ئەلۆمـۆرفێکی جیایـان هەیە، ئەم مۆرفیمانە دەچنە سەر ناوێکی تاکی گشتی، کە سەرەی فرێزی نـاوی پێکـدەهێننو دەیـکەنە نـاوێکی کـۆی گشـتی، بـا سـەرنجی ئەم نمونانەی خوارەوە بدەین:

(1) ا- پیاوان ، ژنان (- ان)

ب- چەقۆیان ، مامۆستایان (- یان)

پ- بەڕووان ، موروان (- وان)

(2) ا- ساڵەها، ملیارەها ، سەدەها ، ملیۆنەها (- ەها)

ب- ڕۆژها (- ها)

پ- دەیەها (- یەها)

(3) ا- باخات ، ماڵات (- ات)

ب- دێهات ، میوەهات (- هات)

پ- سەوزەوات ، ئاغاوات (- وات)

ت- سەوزەجات ، میوەجات (- جات)

لە نمونەکانی (1- ا ب پ)دا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، مۆرفیمی (- ان) بەپێی دوادەنگی ناوەکە چەند شێوەیەکی هەیە، کە بریتین لە (- یان، - وان)، لە کاتێکـدا نـاوەکە کۆتـایی بە ڤـاوڵی [ا، ی، ێ، ۆ] هاتبێـت، ئـەوا نیمچەڤـاوڵی [ی] لەنێـوان نـاوەکەو نیشـانەکەدا پەیدادەبێت، بەمەش فـۆرمەکەی دەبێتە (- یان)، هەروەها ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە ڤاوڵی [و] هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [و] لەنێوان نـاوەکەو نیشـانەکەدا پەیـدادەبێت، بەمەش فـۆرمەکەی دەبێـتە (- وان)، بەم پێـیە فۆرمەکـانی (- یـان)و (- وان) دەبـنە ئەلۆمـۆرفی مۆرفیمی (- ان) کە مۆرفیمێکی سەرەکیو چالاکی کۆکردنەوەی ناوە لە زمانی کوردیدا.

لە نمونەکـانی (2- ا)دا مـۆرفیمی (- ەهـا) بەرچاودەکەوێـت، ئەگەر چـی چەنـد نـاوێکی دیـاریکراو بەم مـۆرفیمە لە زمـانی کوردیـدا کۆدەکرێتەوەو سنوری بەکارهێنانی کەمە. ئەم مۆرفیمە بەپێی دەرکەوتنی لەسـەر نـاوەکە چەنـد ئەلۆمـۆرفێکی هەیە وەك (- هـا ، -

یەها)، بڕوانە نمونەکانی (2- ب پ)، لە کاتێکدا ناوەکە بە دەنگی کۆنسونانت کۆتایی هاتبێت، ئەوا دەنگی [ە]ی سەرەتای نیشانەکە تێدەچێتو فۆرمەکەی دەبێت بە (- ها) بڕوانە نمونەی (2-ب)، بەڵام ناوەکە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [ی] لەنێوان ناوەکەو نیشانەکەدا پەیدادەبێت و فۆرمەکەی دەبێت بە (- یەها) بڕوانە نمونەی (2-پ).

لە نمونەکانی (3- ا)دا مۆرفیمی (- ات)مان هەیە. کە نیشانەیەکی کۆی مێینەی زمانی عەرەبییەو لە زمانی کوردیدا چەند ناوێکی پێ کۆدەکرێتەوە(ئەبوبەکر عمر قادر، 2003: 32). ئەم مۆرفیمە بەهۆی چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجییەوە بە چەند شێوەیەکی جیاواز خۆی دەنوێنێت، کە بریتین لە (- هات، - وات، - جات) بڕوانە نمونەکانی (3- ب پ ت). بەمەش لەنێوان ناوەکەو نیشانەکەدا دەنگی [ه ، و ، ج] پەیدادەبێت، ئەگەر ناوەکە بە دەنگی بزوێن کۆتایی هاتبێت(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1979: 150).

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە مۆرفیمەکانی کۆی (- ان) و (- ەها) و (- ات) بە چەندین شێوەی جیاواز دەردەکەون، بۆیە دەرکەوتنی ئەم شێوە جیاجیانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییەی کە هەریەك لەم مۆرفیمانەی تێدا دەردەکەوێت.

**4-1-3 مۆرفیمەکانی خستنەپاڵ:**

ئەم مۆرفیمانە ئەرکی بەستنەوەی دیارخەرەکان بە دیاخراوەکانەوە لە دروستەی فرێزی ناویدا دەبینن. بۆیە مۆرفیمەکانی (- ی ، - ە) لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی ڕێپێدانو هاتنە ناوەوەی کەرەستەی تر ڕێکدەخەن لە فرێزی ناویداو بە مۆرفۆسینتاکسی خستنەپاڵ دادەنرێن، چونکە ئەرکی سینتاکسی دەبینن(ئەبوبەکر عومەر قادر، 2003: 43-44). هەریەکەیان لە ڕوی فۆرمو شوێنی بەکارهێنانەوە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە دەوروبەری فۆنۆلۆجیی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن، بڕوانە ئەم نمونانەی لای خوارەوە:

(1) ا- سێوی سور ، گۆشتی بەرخ (- ی/ i)

ب- مامۆستای زیرەك، پەڕۆی کۆن، کانیی ئاو، نەڕەی شێر، دێی یاخسەمەر (- ی/y)

(2) ا- کوڕە ژیرەکە، گۆشتە نەرمەکە (- ە)

ب- مامۆستا باشەکە، زەوی بەپیتەکە (Ø)

پ- چایە تاڵەکە، دۆیە ترشەکە، دێیە کۆنەکە (- یە)

لە نمونەکانی (1- ا ب)دا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، مۆرفیمی خستنەپاڵی (- ی) بەپێی دوادەنگی ناوە دیارخراوەکە دو شێوەی هەیە، کە بریتین لە (- ی/i) ، (- ی/y)، لە کاتێکدا ناوە دیارخراوەکە کۆتایی بە دەنگی کۆنسونانت هاتبێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵی (- ی/i) دەچێتەسەر، بڕوانە نمونەکانی (1- ا)، بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵی [ا، ە، ێ، ی، ۆ، و] هاتبێت، ئەوا مۆرفیمی خستنەپاڵی (- ی/y) دەچێتەسەر، بڕوانە نمونەکانی (1- ب).

هەروەها لە نمونەکانی (2- ا ب پ)دا، مۆرفیمی خستنەپاڵی (- ە) بە سێ شێوە دەردەکەوێت، کە بریتین لە (ە ، Ø ، یە)، بونی ئەم شێوە جیاجیایانەش دەگەڕێتەوە بۆ دوادەنگی سەرەی فرێزە ناوییەکە، ئەگەر دوادەنگی ناوە دیاخراوەکە کۆنسونانت بێت، ئەوا مۆرفیمی (- ە) بەبێ هیچ گۆڕانێك دەچێتە سەر ناوەکە، بڕوانە نمونەکانی (2- ا)، هەروەها ئەگەر ناوە دیارخراوەکە لە بڕگەیەك زیاتر بێتو بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، ئەوا مۆرفیمەکە تێدەچێتو فۆرمەکەی دەبێتە (Ø)، بڕوانە نمونەکانی (2- ب)، بەڵام ناوە دیارخراوەکە بڕگەیەك بێتو بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، ئەوا دو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن، بۆیە نیمچەڤاوڵی [ی] لەنێوان ناوەکەو نیشانەکەدا پەیدادەبێت، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە (یە)، بڕوانە نمونەکانی (2- پ).

**5-1-3 مۆرفیمەکانی بانگکردن:**

چەمکی بانگکردن لە زمانی کوردیدا بە دو فۆرمی جیاواز دەردەکەوێت، بەشێکیان مۆرفیمی سەربەخۆن وەك (هۆ، هێی، ئادەی، ....)، بەشێکی تریشیان مۆرفیمی بەندن وەك (- ە، - ۆ، - ێ، - ینە)، کە بەم جۆرە پۆلێنکراون:

1- مۆرفیمی (- ە ، - ۆ) بۆ ناوی تاکی گشتی نێر بەکاردێن، نمونە: باوکە، خاڵە، خاڵۆ، کاکۆ،....

2- مۆرفیمی (- ێ ، - ە) بۆ ناوی تاکی گشتی مێ بەکاردێن، نمونە: دایکێ، نەنکێ، دایکە، نەنکە،...

3- مۆرفیمی (- ینە) بۆ ناوی کۆی گشتی نێرو مێو دولایەن بەکاردێت، نمونە: کوڕینە، کچینە،....

لەناو ئەم مۆرفیمانەدا تەنها مۆرفیمی (- ە) دو فۆرمی جیاوازی (- ە ، Ø) هەیە، لە کاتێکدا:

1- ئەگەر ناوە بانگکراوەکە ناوێکی سادە بێتو کۆتایی بە دەنگی کۆنسونانت هاتبێت، ئەوا مۆرفیمی (- ە) وەك خۆی دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

خاڵە/ کوڕە/ کچە/ خوشکە/ مامە بەیارمەتیت.

2- بەڵام ئەگەر ناوە بانگکراوەکە ناوێکی سادە بێتو کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبێت، یان ناوێکی لێکدراو بێت، یان فرێزێکی فراوانکراو بێت، ئەوا مۆرفیمی (- ە)ی بانگکردن تێدەچێتو دەرناکەوێت، بۆ نمونە:

کابرا/ مامۆستا بەیارمەتیت.

براژن/ خاڵۆژن/ پورزا/ ئامۆزا بەیارمەتیت.

کاکی برا/کاکی شۆفێر/کچی خۆم بەیارمەتیت.

**6-1-3 مۆرفیمەکانی پاشبەند:**

پاشبەندەکان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانینو هەمیشە لەگەڵ پێشبەندەکان لە دروستەی فرێزی پێشبەندیدا دەردەکەون، لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا دو پاشبەندی (- ەوە)و (- دا) هەن، ئەم پاشبەندانەش بەپێی دەرکەوتنیان چەند فۆرمێکی جیاجیایان هەیە، کە بە کۆتایی فرێزەکەوە دەنوسرێن، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

(1) بۆ ماڵەوە دەچم. (- ەوە)

(2) ا- برنجەکەم بە شلەوە خوارد. (- وە)

ب- ماستەکەم بە چاوە خوارد. (- وە)

پ- ماڵەکەم بە تۆوە جوانە. (- وە)

ت- ئاراس لە دوێنێوە ونبووە. (- وە)

(3) لە سلێمانییەوە هاتوم. (- یەوە)

(4) لە زووەوە نەمبینیوە. (- وەوە)

(5) ا- نامەکەم بە ئازاددا/کاوەدا نارد. (- دا)

ب- بە دهۆکدا/سلێمانیدا تێپەڕین. (- دا)

(6) ا- نامەکەم بە ئازادا/ کاوا نارد. (- ا)

ب- بە دهۆکا/سلێمانیا تێپەڕین. (- ا)

(7) ا- نامەکەم بە کاوەیا نارد. (- یا)

ب- بە سلێمانییا تێپەڕین. (- یا)

لە نمونەی ژمارە (1)دا دوادەنگی سەرەی فرێزە ناوییەکە کۆنسونانتە، بۆیە بەبێ هیچ گۆڕانێك مۆرفیمی (- ەوە) دەردەکەوێت. بەڵام لە نمونەکانی ژمارە (2)و (3)و (4)دا ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە مۆرفیمی (- ەوە) بەپێی دوادەنگی سەرەی فرێزەکە چەند شێوەیەکی جیای هەیە، کە بریتین لە (- وە ، - یەوە، - وەوە)، لە کاتێکدا سەرەی فرێزەکە کۆتایی بە ڤاوڵی [ە، ا، ۆ، ێ] هاتبێت، ئەوا ڤاوڵی [ە]ی سەرەتای مۆرفیمەکە تێدەچێت، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە (- وە) بڕوانە نمونەکانی (2- ا ب پ ت)، ئەگەر ناوەکەش کۆتایی بە ڤاوڵی [ی] هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [ی] لەنێوان ناوەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێت، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە (- یەوە)، بڕوانە نمونەی (3)، هەروەها ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە ڤاوڵی [و] هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [و] لەنێوان ناوەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێت، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە (- وەوە)، بڕوانە نمونەی (4).

هەروەها لە نمونەکانی ژمارە (5- ا ب)دا ئەگەر چی دوادەنگی سەرەی فرێزە ناوییەکە کۆنسونانت یان ڤاوڵ بێت، بەبێ هیچ گۆڕانێك مۆرفیمی (- دا) دەردەکەوێت، بەڵام یەکێك لە تایبەتمەندییە دەنگییەکانی دەنگی [د] لە زمانی کوردیدا ئەوەیە، کە زۆرجار تێدەچێت لەبەر ئابوریکردن لە زماندا، بەمەش فۆرمی ئەم مۆرفیمە دەبێتە (- ا)، بڕوانە نمونەکانی (6- ا ب)، یان گۆڕان لە فۆرمەکەیدا ڕوودەدات بۆ ئاسانی دەربڕین، بەمەش دەنگی [د] دەگۆڕێت بۆ دەنگی [یـ]، لە کاتێکدا دوادەنگی سەرەی فرێزە ناوییەکە ڤاوڵ بێت، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە (- یا)، بڕوانە نمونەکانی (7- ا ب). بەم پێیە مۆرفیمی (- دا) چەند شێوەیەکی تری هەیە، کە بریتین لە (- ا ، - یا).

**7-1-3 مۆرفیمەکانی ئەسپێکت:**

ئەسپێکتەکانی کردار لە زمانی کوردیدا بەهۆی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانەوە دەنوێنرێن، هەڵبەتە ئەم مۆرفیمانەش بەپێی دەرکەوتنیان بەر هۆکاری فۆنۆلۆجی دەکەونو گۆڕانی دەنگیان بەسەردا دێتو زیاتر لە یەك فۆرمیان دەبێت، لێرەدا تەنیا باسی ئەو ئەسپێکتانە دەکەین، کە لە چەند فۆرمێکی جیاوازدا خۆیان دەنوێنن.

**3 -1-7-1 ئەسپێکتی بەردەوامی:**

ئەم ئەسپێکتە (دە -) بەشداری لە فۆرمی ڕابردوی بەردەوامو ڕانەبردوی ڕێژەی هەواڵیدا دەکات، بۆ نمونە:

(1) دەم برد، دەچوم (ڕابردوی بەردەوام)

(2) دەبەم، دەچم (ڕانەبردو)

هەندێکجار گۆڕان لە فۆرمەکەیدا ڕودەدات بە مەبەستی ئاساندەربڕین، بەمەش دەنگی [د] دەگۆڕێت بۆ دەنگی [ئـ]، بۆیە فۆرمەکەی دەبێتە (ئە -)، بەم شێوەیە:

(1) ئەم برد، ئەچوم (ڕابردوی بەردەوام)

(2) ئەبەم، ئەچم (ڕانەبردو)

**3 -2-7-1 ئەسپێکتی کاتی ئێستا:**

ئەم ئەسپێکتە بۆ کاتی ئێستا لە ڕێژەی هەواڵیدا بەکاردێت، کاتێ ئەم مۆرفیمە دەردەکەوێت، کە کرداری ناتەواوی (بون) بۆ ڕانەبردوی ئێستا بێت، چونکە ڕەگی کردارەکە (بـ) بێهێزەو دەرناکەوێت، هەروەها جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکیش مۆرفیمی سفرەو دەرناکەوێت، بۆیە ئەم مۆرفیمە دەردەکەوێت، بڕوانە نمونەکانی (1)، (2)، (3).

(1) ا- هاوین گەرم Ø ە Ø. (- ە)

ب- منداڵەکە ژیر Ø ە Ø.

(2) ا- ئانیا مامۆستایە. (- یە)

ب- ئەم دەبەیە دۆیە.

پ- خانووەکە گەورەیە.

ت- ئەوە کێیە؟

ج- ڕەنگی سەیارەکە سپییە.

(3) ا- ئەمە جوانووە. (- وە)

ب- هێشتا زووە.

(4) ا- من بەتوانا Ø Ø م. (Ø)

ب- ئێوە چاك Ø Ø ن.

لە نمونەکانی (1- ا ب)دا تەواوکەرەکە بە دەنگی کۆنسونانت کۆتایی هاتوە، بۆیە ئەسپێکتی (- ە) بەبێ هیچ گۆڕانێك دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر تەواوکەرەکە بە دەنگی ڤاوڵی [ا، ۆ، ە، ێ، ی] کۆتایی هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [ی] لەنێوان تەواوکەرەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێت، بەمەش شێوەی ئەسپێکتە دەبێتە (- یە)، بڕوانە نمونەکانی (2- ا ب پ ت ج)، یان ئەگەر تەواوکەرەکە بە دەنگی ڤاوڵی [و] کۆتایی هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [و] لەنێوان تەواوکەرەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێتو شێوەی ئەسپێکتەش دەبێتە (- وە)، بڕوانە نمونەکانی (3- ا ب)، هەروەها ئەم مۆرفیمە لەگەڵ پێنج کەسەکەی تردا دەرناکەوێتو فۆرمەکەی دەبێتە (ø)، بڕوانە (4- ا ب). بەم پێیە فۆرمی (- یە ، - وە ، ø) دەبنە ئەلۆمۆرفی ئەسپێکتی (- ە)یە.

**3-3-7-1 ئەسپێکتی دوبارەکردنەوە:**

ئەم ئەسپێکتە ئەرکی دوبارەکردنەوەی کردار نیشاندەداتو دەچێتە کۆتایی کردارەوە. واتە ڕۆڵی ئاماژەکردنی دەمکات لە دوبارەبونەوەی ڕودان لە ڕابردو و ڕانەبردودا لەخۆدەگرێت(ئەبوبەکر عومەر قادر، 2003: 66). بۆ خستنەڕوی ئەم مۆرفیمەو ئەلۆمۆرفەکانی، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

(1) ئاوەکەم خواردەوە. (- ەوە)

(2) ا- کتێبەکەم هێنایەوە. (- یەوە)

ب- دارەکەم بڕییەوە.

(3) ژنەکە چووەوە بۆ ماڵی باوکی. (- وەوە)

(4) گەشتیارەکە هاتوەتەوە. (- تەوە)

(5) کتێبەکە بخوێنەرەوە.    (- رەوە)

ئاشکرایە، کردارەکە کۆتایی بە هەر دەنگێکی کۆنسونانت هاتبێت، ئەسپێکتی (- ەوە) بەبێ هیچ گۆڕانێك دەردەکەوێت، بڕوانە نمونەی ژمارە (1)، بەڵام لە نمونەکانی ژ (2 - 3 - 4 - 5)دا شێوەی ئەسپێکتەکە گۆڕانی بەسەردا هاتوەو خۆی لە ئەلۆمۆرفەکانی (- یەوە، - وەوە، - تەوە، - رەوە) نواندوە، لە کاتێکدا دوادەنگی کردارەکە ڤاوڵی [ا] یا [ی] بێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [ی - y ] لەنێوان کردارەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێتو شێوەی ئەسپێکتەش دەبێتە (- یەوە)، بڕوانە نمونەکانی (2- ا ب)، بەڵام دوادەنگی کردارەکە ڤاوڵی [و] بێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [و - w ] لە نێوان کردارەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێتو شێوەی ئەسپێکتەکەش دەبێتە (- وەوە)، بڕوانە نمونەی (3)، هەروەها ئەگەر کردارەکە لە کاتی ڕابردوی تەواو بێت، کە کۆتایی بە ڤاوڵی [ە] هاتوە، لە هەمان کاتیشدا ئەسپێکتەکەش بە ڤاوڵی [ە] دەستی پێکردوە، بەمەش دەنگی کۆنسونانتی [ت] لەنێوان کردارەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێتو شێوەی ئەسپێکتە دەبێتە (- تەوە)، بڕوانە نمونەی (4)، یان کردارەکە لە ڕێژەی فەرمانی تاکدا بێت، کە کۆتایی بە ڤاوڵی [ە] هاتوە، ئەوا کۆنسونانتی [ر] لەنێوان کردارەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێتو شێوەی ئەسپێکتە دەبێتە (- رەوە)، بڕوانە نمونەی (5).

**3 -1-7-4 ئەسپێکتی ڕابردوی تەواوی هەواڵی:**

فۆرمی سەرەکی ئەم ئەسپێکتە (- وە) یە، کە لەگەڵ کرداری ڕابردوی تەواوی ڕێژەی هەواڵیدا دەردەکەوێت، بۆ خستنەڕوی چۆنێتی دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمەو فۆرمە جیاوازەکانی، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

(1) ا- هێناوە، خواردوە، بڕیوە، هاتوە، دروە.

ب- هێناومە، هێناوتە، هێناویە/هێناویەتی، هێناومانە، هێناوتانە، هێناویانە.

(2) ا- سوتاوە، مردوە، وەڕیوە، کەوتوە، چووە.

ب- سوتاوم، سوتاویت، سوتاوە، سوتاوین، سوتاون، سوتاون.

نمونەکانی (1- ا ب) کرداری ڕابردوی تەواوی تێپەڕنو لە هەمو کەسەکاندا ئەسپێکتی (- وە) دەرکەوتوە، لە نمونەکانی (2- ا ب)دا کرداری ڕابردوی تەواوی تێنەپەڕن، تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا ئەسپێکتی (- وە) دەرکەوتوە، بەڵام لە هەمو کەسەکانی تردا فۆرمی ئەسپێکتەکە بووەتە (- و)، واتە ڤاوڵی [ە] ی کۆتایی ئەسپێکتەکە تێچووە. بەمەش فۆرمی (- و) دەبێتە ئەلۆمۆرفی ئەسپێکتی (- وە).

**3 -1-7-5 ئەسپێکتی ڕێژەی فەرمانو کرداری ڕانەبردوی دانانی:**

ئەسپێکتی ( بـ -) لە یاسای ( ب + ڕەگ + جێناو) وەك ئەسپێکتێك لە پێکهاتنی کرداری ڕانەبردو لە ڕێژەی مەرجو خۆزگەو دانانیدا، هەروەها لە پێکهاتنی ڕێژەی کرداری فەرماندا بەشداریدەکات، بۆ نمونە:

(1) ڕەنگە کتێبەکە ببەم. (بـ -)

(2) کتێبەکە ببە.

ئاسایی دەشێ ئەم ئەسپێکتە لە کرداره ناسادەکاندا لە کاتی ئاخاوتندا لابدرێتو گۆنەکرێت، بۆ نمونە:

(1) پێویستە یارمەتیان دەین. (Ø)

(2) پارەکە وەرگرە.

**3 -1-8 مۆرفیمەکانی کات:**

کات جیاوازی ڕێزمانییە، کە لە نێوان فۆرمە دیاریکراوەکانی کرداری ڕابردو و ڕانەبردودا هەیە(Leech, 2006: 111). کاتی ڕابردو و ڕانەبردوش لە زمانی کوردیدا بەهۆی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کاتەوە دەنوێنرێن، کە لەم خشتەیەدا دەستنیشانکراون:

| | مۆرفیمەکانی کات | |
|---|---|---|
| | ڕابردو | ڕانەبردو |
| بکەردیار | - ا ، - ی ، - ت ، - د ، - و | Ø |
| بکەرنادیار | - ا | - ێ |

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، مۆرفیمی کاتی ڕابردو و ڕانەبردوی بکەرنادیارە، کە لە ڕابردوی بکەرنادیار فۆرمی (- ا)یە و بە گۆڕینی کاتی کردارەکە بۆ ڕانەبردوی بکەرنادیار فۆرمەکەی دەبێتە (- ێ)، واتە مۆرفیمی کاتی نادیاری لە فۆرمەکانی (- ا ، - ێ)دا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

(1) دەرمانەکان هێنران. (- ا)

(2) دەرمانەکان دەهێنرێن. (- ێ)

**9-1-3 مۆرفیمی نادیاری:**

مۆرفیمی (- ر) وەك تاکە مۆرفیمێکی سەرەکی نادیاری ئەرکی لاوازکردنو بێهێزکردنی توانای کردار ئەنجامدەدات، بە مەبەستی خستنەڕوی چۆنێتی دەرکەوتنو فۆرمە جیاوازەکانی ئەم مۆرفیمە، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

(1) ا- پارەکە هێنرا. (- ر)

ب- دارەکە بڕرا/ بڕدرا / بڕا. (- ر، - در ، Ø)

پ- پارەکە ژمێررا / ژمێردرا / ژمێرا. (- ر، - در ، Ø)

(2) ا- پارەکە دەهێنرێت. (- ر)

ب- دارەکە دەبڕرێت/ دەربڕدرێت/ دەبڕێت. (- ر، - در ، Ø)

پ- پارەکە دەژمێررێت/ دەژمێردرێت/ دەژمێرێت. (- ر، - در ، Ø)

نمونەکانی (1 - ا ب پ) ڕابردوی بکەرنادیارنو نمونەکانی (2- ا ب پ) ڕانەبردوی بکەرنادیارن، لە نمونەکانی (1- ا)و (2- ا)دا مۆرفیمی نادیاری (- ر) وەك فۆرمی سەرەکی چووەتە سەر ڕەگی کردارەکان بەبێ هیچ گۆڕانێك، بەڵام لە نمونەکانی (1- ب پ)و (2- ب پ)دا ڕەگی کردارەکان بە دەنگی [ڕ] یان [ر] کۆتاییان هاتوە، ئەوا یان مۆرفیمی نادیاری (- ر) وەك خۆی دەردەکەوێت، یان دەنگی [د] لەنێوان ڕەگی کردارەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێت بە مەبەستی جیاکردنەوەی دوادەنگی ڕەگی کردارەکە [ڕ ، ر] لەگەڵ مۆرفیمی نادیاری (- ر)، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە (- در)، یان مۆرفیمەکە دەبێتە سفرو تێدەچێت بە مەبەستی ئابوریکردنو ئاساندەربڕین، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە سفر (Ø). واتە مۆرفیمی نادیاری لە فۆرمەکانی (- ر، - در، Ø)دا دەردەکەوێت.

**10-1- 3 مۆرفیمی تێپەڕاندن:**

مۆرفیمی سەرەکی تێپەڕاندنی (- ان) ئەرکی بەهێزکردنی توانای کردار ئەنجامدەدات، بە مەبەستی خستنەڕوی چۆنێتی دەرکەوتنی ئەم مۆرفیمەو فۆرمە جیاوازەکانی، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

(1) ا- تۆپەکە تەقی > تۆپەکەم تەقاند. (- ان)

ب- فەرشەکە سوتا > فەرشەکەم سوتاند. (- ان)

پ- منداڵەکە نوست > منداڵەکەم نوواند. (- وان)

ت- نامەکە گەیشت > نامەکەم گەیاند (- یان)

(2) ا- تۆپەکە دەتەقێت > تۆپەکە دەتەقێنم. (- ێن)

ب- فەرشەکە دەسوتێت > فەرشەکە دەسوتێنم. (- ێن)

پ- نامەکە دەگات > نامەکە دەگەیێنم (- ێن)

لە نمونەکانی (1- ا ب پ ت)دا بە گۆڕینی ڕستەی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ لە دەمی ڕابردودا، ئەگەر ڕەگی کردارەکە بە دەنگی کۆنسونانت کۆتایی هاتبێت، مۆرفیمی (- ان) بەبێ هیچ گۆڕانێك دەردەکەوێت، بڕوانە (1- ا)، هەروەها ڕەگی کردارەکە بە دەنگی ڤاوڵی [ێ][*] کۆتایی هاتبێت، بە هەمان شێوە مۆرفیمی (- ان) بەبێ هیچ گۆڕانێك دەردەکەوێتەوە، چونکە دو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن، بۆیە دەنگی [ێ]ی کۆتایی ڕەگی کردارەکە تێدەچێت، بڕوانە (1- ب)، بەڵام ڕەگی کردارەکە بە دەنگی ڤاوڵی [و] کۆتایی هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [و - w ] لەنێوان ڕەگی کردارەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێت، بەمەش فۆرمی مۆرفیمەکە دەبێتە (- وان)، بڕوانە (1- پ)، لە کاتێکیشدا ڕەگی کردارەکە بە دەنگی ڤاوڵی [ە] کۆتایی هاتبێت، ئەوا نیمچەڤاوڵی [ی - y ] لەنێوان ڕەگی کردارەکەو مۆرفیمەکەدا پەیدادەبێت، بەمەش فۆرمی مۆرفیمەکە دەبێتە (- یان)، بڕوانە (1- ت).

لـە نمونەکانی (2- ا ب پ)دا بـە گۆڕینی ڕستەی تێنەپەڕ بـۆ تێـپەڕ لە دەمی ڕانەبـردودا، مـۆرفیمی (- ان) گـۆڕانی بەسـەردا هـاتوە، ئەویش بە گۆڕینی دەنگی [ا] بۆ [ێ]، بەمەش فۆرمی مۆرفیمەکە دەبێتە (- ێن)، بەم پێیە مۆرفیمی تێپەڕانـدن لە فۆرمەکـانی(- ان، - وان، - یان، - ێن)دا دەردەکەوێت.

**2-3 نوسەك (جێناوە لکاوەکان):**

جێناوە کەسییەکان لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا یەك دەستە جێناوی کەسیی سەربەخۆو چوار دەستە جێناوی کەسیی لکـاو دەگرێتەوە، ئەم جێناوە لکاوانە بەپێی جۆرو کاتو ڕێژەی کردارەکان بە سەر چوار دەستەدا دابەشکراون، مەبەست لە جۆری کردار (تێپەڕ یان تێنەپەڕ)ە، کاتی کردار (ڕابردو یا ڕانەبردو)ە، ڕێـژەی کـردار (هەواڵـی یـا دانـانی یـا فەرمـان)ە، بـۆ خسـتنەڕوی چـۆنیەتی دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان بەپێی کەسو ژمارە بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ جۆرو کاتو ڕێژەی کردارەکاندا، بڕوانە ئەم خشتەیە:

| ژمارە | کەس | جێناوی سەربەخۆ | جێناوە لکاوەکان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ڕێژەی هەواڵی و دانانی | | | ڕێژەی فەرمان (D) |
| | | | ڕا.تێپەڕ (A) | ڕا.تێنەپەڕ (B) | ڕانە.تێپەڕو تێنەپەڕ (C) | |
| تاك | 1 | من | م | م | م | |
| | 2 | تۆ | ت | یت | یت | ە |
| | 3 | ئەو/ئەم | ی | ø | ات/ێت | |
| کۆ | 1 | ئێمە | مان | ین | ین | |
| | 2 | ئێوە | تان | ن | ن | ن |
| | 3 | ئەوان/ئەمان | یان | ن | ن | |

فۆرمی جێناوە لکاوەکان بەپێی دەرکەوتنیان لەگەڵ دوادەنگی کردارەکانو ئەو ژینـگە فۆنۆلـۆجییەی، کە تێـدا دەردەکەون، زیـاتر لە یەك فۆرمیان هەیە، بە مەبەستی خستنەڕوی فۆرمە جیاجیاکانی هەریەك لەم جێناوانە، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە(وریا عومەر ئەمین، 2004: 216-223):

دەستەی یەکەم

| | نمونە | فۆرم | نمونە | فۆرم | نمونە | فۆرم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| م | هێنام (hênam) | m | بردم (birdim) | im | | |
| ت | هێنات (hênat) | t | بردت (birdit) | it | | |
| ی | هێنای (hênay) | y | بردی (birdî) | î | بڕی ø (birîø) | ø |
| مان | هێنامان (hênaman) | man | بردمان (birdman) | - | | |
| تان | هێناتان (hênatan) | tan | بردتان (birdtan) | - | | |
| یان یان | هێنایان (hênayan) | yan | بردیان (birdyan) | - | | |

نمونەكانی دەستەی یەكەم ئەوە دەخەنەڕو، كە جێناوە لكاوەكانی كەسی یەكەمو دووەمو سێیەمی تاك زیاتر لە یەك فۆرمیان هەیە، بەم شێوانە:

1- جێناوی لكاوی كەسی یەكەمی تاك (م) دو فۆرمی (m, im) هەیە: ئەگەر دوادەنگی كردارەكە ڤاوڵ بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (m)دا دەردەكەوێت، بەڵام دوادەنگی كردارەكە كۆنسونانت بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (im)دا دەردەكەوێت.

2- جێناوی لكاوی كەسی دووەمی تاك (ت) دو فۆرمی (t, it) هەیە: ئەگەر دوادەنگی كردارەكە ڤاوڵ بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (t)دا دەردەكەوێت، بەڵام دوادەنگی كردارەكە كۆنسونانت بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (it)دا دەردەكەوێت.

3- جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك (ی) سێ فۆرمی (y, î, Ø ) هەیە: ئەگەر دوادەنگی كردارەكە كۆنسونانت بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (î)دا دەردەكەوێت، لە كاتێكدا دوادەنگی كردارەكە ڤاوڵی [ا] بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (y)دا دەردەكەوێت، بەڵام دوادەنگی كردارەكە ڤاوڵی [ی] بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە تێدەچێتو لە قاڵبی سفر (Ø)دا دەردەكەوێت، چونكە دو ڤاوڵ بەدوای یەكدا نایەن.

دەستەی دووەمو سێیەم

| | نمونە | فۆرم | نمونە | فۆرم | نمونە | فۆرم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| م | ترسام (tirsam)<br>دەبەم (debem) | m | هاتم (hatim)<br>دەچم (decim) | im | | |
| یت | ترسای (tirsay)<br>ترسایت (tirsayt)<br>دەبەی (debey) | y<br>yt | هاتی (hatî)<br>هاتیت (hatît)<br>دەچی (decî) | î<br>ît | پژمیت<br>(pijmît) | t |
| Ø، ات/ێت | ترسا (tirsa)<br>دەبا (deba)<br>دەبات (debat) | Ø<br>a<br>at | هات (hat)<br>دەچێ (decê)<br>دەچێت (decêt) | -<br>ê<br>êt | دەترسێت<br>(detirsêt) | t |
| ین | ترساین (tirsayn)<br>دەبەین (debeyn) | yn | هاتین (hatîn)<br>دەچین (decîn) | în | پژمین<br>(pijmîn) | n |
| ن | ترسان (tirsan)<br>دەبەن (deben) | n | هاتن (hatin)<br>دەچن (decin) | in | | |
| ن | ترسان (tirsan)<br>دەبەن (deben) | n | هاتن (hatin)<br>دەچن (decin) | in | | |

نمونەكانی دەستەی دووەمو سێیەم ئەوە دەخەنە ڕو، كە مۆرفیمی جێناوە لكاوەكان زیاتر لە یەك فۆرمیان هەیە، بەم شێوانە:

1- جێناوی لكاوی كەسی یەكەمی تاك (م) دو فۆرمی (m, im) هەیە: ئەگەر دوادەنگی كردارەكە ڤاوڵ بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (m)دا دەردەكەوێت، بەڵام دوادەنگی كردارەكە كۆنسونانت بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (im)دا دەردەكەوێت.

2- جێناوی لكاوی كەسی دووەمی تاك (یت) پێنج فۆرمی (y, yt, î, ît, t) هەیە: ئەگەر دوادەنگی كردارەكە كۆنسونانت بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (ît)دا دەردەكەوێت، لە كاتێكدا دوادەنگی كردارەكە ڤاوڵی [ا] بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (yt)دا دەردەكەوێت، بەڵام دوادەنگی كردارەكە ڤاوڵی [ی] بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەكە لە قاڵبی (ت/t)دا دەردەكەوێت، چونكە دو ڤاوڵ بەدوای یەكدا نایەن. هەروەها دەتوانرێت دەنگی (ت)ی كۆتایی جێناوەكە گۆنەكرێت، چونكە زیادەیەكی گەردانییە، بەمەش فۆرمەكانی (y, î) دەردەكەون.

**3- جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك چەند فۆرمێكی جیاوازی هەیە، بەم شێوانە:**

ا- ئەگەر كردارەكە ڕابردوی تێنەپەڕ بێت، ئەوا جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك لە فۆرمی سفر (Ø)دا دەردەكەوێت.

ب- ئەگەر کردارەکە ڕانەبردوی تێپەرو تێنەپەڕ بێت، لە کاتێکدا ڕەگی کردارەکە بە دەنگی ڤاوڵی [ە، ۆ] کۆتایی هاتبێت، جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە فۆرمی (ات/at)دا دەردەکەوێت، بەڵام ڕەگی کردارەکە بە هەر دەنگێك تر جگە لە دەنگی [ێ] کۆتایی هاتبێت، ئەوا جێناوەکە لە قاڵبی (ێت/êt)دا دەردەکەوێت، دوادەنگی کردارەکەش ڤاوڵی [ێ] بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (ت/t)دا دەردەکەوێت، چونکە دو ڤاوڵی [ێ] بەدوای یەکدا هاتون، بەمەش ڤاوڵی [ێ] سەرەتای جێناوەکە تێدەچێت. هەروەها دەتوانرێت دەنگی (ت)ی کۆتایی جێناوەکانی (ات، ێت) بە یاسای ئارەزو بقرتێنرێنو گۆنەکرێن، چونکە زیادەی گەردانین، بەمەش فۆرمەکانی (ێ/ê ، a/l) دەردەکەون.

4- جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ (ین) سێ فۆرمی (yn,în,n) هەیە: ئەگەر دوادەنگی کردارەکە کۆنسونانت بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (în)دا دەردەکەوێت، بەڵام دوادەنگی کردارەکە ڤاوڵ بێت جگە لە ڤاوڵی [ی]، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (yn)دا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا دوادەنگی کردارەکە ڤاوڵی [ی] بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (ن/n)دا دەردەکەوێت، چونکە دو ڤاوڵی [ی] بەدوای یەکدا هاتون، بەمەش ڤاوڵی [ی] سەرەتای جێناوەکە تێدەچێت. واتە فۆرمەکانی (yn,în,n) سێ فۆرمی جیاوازی هەمان دانەی ڕێزمانین.

5- جێناوی لکاوی کەسی دووەمو سێیەمی کۆ (ن) دو فۆرمی (n, in) هەیە: ئەگەر دوادەنگی کردارەکە ڤاوڵ بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (n)دا دەردەکەوێت، بەڵام دوادەنگی کردارەکە کۆنسونانت بێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (in)دا دەردەکەوێت.

دەستەی چوارەم

| | نمونە | فۆرم | نمونە | فۆرم |
|---|---|---|---|---|
| ە | بهێنە (bihêne) | e | بخۆ (bixo) | Ø |
| ن | بخۆن (bixon) | n | بهێنن (bihênin) | in |

ئەم دەستە جێناوە لکاوە تایبەتە بە ڕێژەی فەرمان، هەریەکەیان بە دو فۆرمی جیاواز دەردەکەون، بەم شێوانەی خوارەوە:

1- جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك (ە) دو فۆرمی (e ,Ø) هەیە: ئەگەر ڕەگی کردارەکە بە دەنگی کۆنسونانت کۆتایی هاتبێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە (e)دا دەبێت، بەڵام ڕەگی کردارەکە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، ئەوا جێناوەکە تێدەچێتو دەرناکەوێت، بەمەش فۆرمەکەی دەبێتە سفر (Ø).

1- جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ (ن) دو فۆرمی (n , in) هەیە: ئەگەر ڕەگی کردارەکە بە دەنگی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (n)دا دەردەکەوێت، بەڵام ڕەگی کردارەکە بە دەنگی کۆنسونانت کۆتایی هاتبێت، ئەوا فۆرمی جێناوەکە لە قاڵبی (in)دا دەردەکەوێت.

**3-3 بنکەی بەند (بنەمای کردار):**

مەبەست لە بنکەی بەند واتە بنەمای کردار. بۆیە لە شێوەو ناوەڕۆکی هەمو کردارێکدا ڕابردو بێت یان ڕانەبردو، بنەمایێك هەیە، کە هەڵگری واتای کردارەکەیەو لە قاڵبەکانی کرداردا دوبارەدەبێتەوەو ناگۆڕێتو دەشێ پێی بوترێ بنەما**(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 2000: 106).** بنەمای کرداریش لە زمانی کوردیدا بە سەر بنەمای کاتی ڕابردو و بنەمای کاتی ڕانەبردودا دابەشدەبێت، بۆ دۆزینەوەی بنەمای کاتی ڕابردو (قەد) بە لابردنی (ن)ی چاوگ، بێ ئەوەی هیچ ناوێزەیەکی هەبێت، ئەم بنەمایە دەدۆزینەوە، بەم شێوەیە:

هێنان - ن = هێنا

بڕین - ن = بڕی

چون - ن = چو

مردن - ن = مرد

گرتن - ن = گرت

بۆ دۆزینەوەی بنەمای کاتی ڕانەبردوش (ڕەگ) وەك ڕێگەیەکی بنەڕەتی لە زمانی کوردیدا بە لابردنی (ن)ی چاوگو دەنگەکەی پێشەوەی (ا، ی، و، د، ت) ئەم بنەمایە دەدۆزینەوە، بەم شێوەیە:

هێنان - ان = هێن

بڕین - ین = بڕ

چون - ون = چـ

مردن - دن = مر

گرتن - تن = گر

هەرچەندە ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی بنەڕەتیو گشتگیر نییە بۆ دۆزینەوەی بنەمای کاتی ڕانەبردو/داهاتو، تاوەکو بەهۆیەوە هەمیشە ڕەگی ڕانەبردو لە ڕەگی ڕابردووە وەربگرین، بەڵکو چەند ڕێگایەکی ناوێزەش بەرچاودەکەون، کە کۆمەڵێک گۆڕانی فۆنۆلۆجی بە سەر هەندێ لە ڕەگی کردارەکاندا دێت، ئەم گۆڕانانەش بە یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن، بەم ڕێگایانەی خوارەوە[**]:

1- گۆڕینی دەنگی [ش] بۆ [ژ]:

کوشت > کوژ

ڕشت > ڕێژ

هاویشت > هاوێژ

2- گۆڕینی دەنگی [ش] بۆ [ڵ]:

هێشت > هێڵ

3- گۆڕینی دەنگی [س] بۆ [ز]:

خواست > خواز

گەست > گەز

پاراست > پارێز

گواست > گوێز

4- گۆڕینی دەنگی [ا] بۆ [ێ]:

نا > نێ

هات > هێ

سوتا > سوتێ

ترسا > ترسێ

ژمارد > ژمێر

سپارد > سپێر

نارد > نێر

ناشت > نێژ

5- گۆڕینی دەنگی [ا] بۆ [ە]:

دا > دە

6- گۆڕینی دەنگی [ i ] بۆ [ێ]:

ڕست > ڕێس

ڕشت > ڕێژ

7- لابردنی چەند دەنگێکو گۆڕینی دەنگی [و] بۆ [ۆ]:

خوارد > خۆ

شوشت > شۆ

8- لابردنی چەند دەنگێکو گۆڕینی دەنگی [ i ] بۆ [ە]:

برد > بە

کرد > کە

خست > خە

9- تێچونی چەند دەنگێک:

گەیشت > گە

ڕۆیشت > ڕۆ

10- بەر هیچ یاسایەکی دەنگی ناکەون:

وتن/گوتن > ڵێ

دیت > بین

ئەوەی لێرەدا مەبەستە بەشێك لەمر ڕەگی کردارانەش لەناو دروستەی فرێزی کرداری، کە لە سادەترین ڕۆنانیدا (ڕەگ + کات + کەس‌و ژمارە)یە، چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بە سەر ڕەگی کردارەکەدا دێت، ئەمر گۆڕانانەش بە یاسا مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکان ناودەبرێن، بەمر شێوانە:

(1) ا- ئاراس جانتاکە دەبات (دە + بە + ø + ات)(debat)

ب- ئەو پارەکە بە من دەدات (دە + دە + ø + ات)(dedat)

(2) ا- جانتاکە برا/ دەبرێت (بە + ر + ا + ø)(bira)، (دە + بە + ر + ێ + ێت)(debirêt)

ب- پارەکە بە من درا/دەدرێت (دە + ر + ا + ø)(dira)، (دە + دە + ر + ێ + ێت)(dedirêt)

(3) ا- پاڵنرا/ پاڵدەنرێت (نێ + ر + ا + ø)(nira)، (دە + نێ + ر + ێ + ێت)(denirêt)

ب- دانرا/ دادەنرێت (نێ + ر + ا + ø)(nira)، (دە + نێ + ر + ێ + ێت)(denirêt)

لە نمونەکانی (1- ا ب)دا کرداری ڕستەکان ڕانەبردوی بکەردیارن، فرێزی کرداری لە ئەسپێکتی (دە)و ڕەگی کردار (بە ، دە)و نیشانەی کاتی ڕانەبردو (Ø)و جێناوی لکاوی دەستەی دووەمر (B) بۆ کەسی سێیەمی تاك (ات)[***] پێکهاتوە، لە کاتێکدا دوادەنگی ڕەگی کردارەکان ڤاوڵی [ـە]یە و سەرەتادەنگی جێناوە لکاوەکەش ڤاوڵی [ا] یە، بۆیە دوادەنگی ڕەگی کردارەکان [ە] تێدەچن، چونکە دو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن.

بەڵامر نمونەکانی (2- ا ب)و (3- ا ب) کرداری ڕستەکانیان ڕابردو و ڕانەبردوی بکەرنادیارن، لە کاتێکدا دوادەنگی ڕەگی کردارەکان ڤاوڵی [ە] یان [ێ] یە و نیشانەی نادیارییەکەش مۆرفیمی [ر]یە، بۆیە دەنگی [ە] یان [ێ]ی کۆتایی ڕەگی کردارەکان دەگۆڕێن‌و دەبنە دەنگی بزرۆکە [ i ].

(4) ا- هەژارەکە نان دەخوات (دە + خۆ + Ø + ات) (dexwat)

ب- دایکمر جلەکان دەشوات (دە + شۆ + Ø + ات) (deşwat)

(5) ا- نانەکە خورا/دەخورێت (خۆ+ ر+ ا + Ø)( xura )،(دە + خۆ + ر + ێ + ێت)(dexurêt)

ب- جلەکان شۆران/دەشۆرێن (شۆ+ ر+ ا + ن)( şoran)،(دە + شۆ+ ر + ێ + ن)(deşorên)

لە نمونەکانی (4- ا ب)دا کرداری ڕستەکان ڕانەبردوی بکەردیارن، فرێزی کرداری لە ئەسپێکتی (دە)و ڕەگی کردار (خۆ ، شۆ)و نیشانەی کاتی ڕانەبردو (Ø)و جێناوی لکاوی دەستەی دووەمر (B) بۆ کەسی سێیەمی تاك (ات) پێکهاتوە، لە کاتێکدا دوادەنگی ڕەگی کردارەکان ڤاوڵی [ۆ]یە و سەرەتادەنگی جێناوە لکاوەکەش ڤاوڵی [ا] یە، بۆیە ڤاوڵی [ۆ - o ] دەگۆڕێت بۆ نیمچەڤاوڵی [و - w ].

بەڵامر لە نمونەکانی (5- ا ب)دا کرداری ڕستەکان ڕابردو و ڕانەبردوی بکەرنادیارن، لە کاتێکدا دوادەنگی ڕەگی کردارەکان ڤاوڵی [ۆ] یە و نیشانەی نادیارییەکەش مۆرفیمی [ر]یە، بۆیە ڤاوڵی [ۆ - o ] دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵی [و - u ]، بڕوانە نمونەکانی (5- ا). بەڵامر لە نمونەکانی (5- ب)دا ڤاوڵی [ۆ -o ]ی دوادەنگی ڕەگی کردارەکان بەبێ هیچ گۆڕانێکی دەنگی وەك خۆیان دەمێننەوە.

(6) ا- دزەکە گیرا (گـر + ر + ا + Ø)( gîra )

ب- دزەکە دەگیرێت (دە + گـر + ر + ێ + ێت)(degîrêt)


لە نمونەکانی (6- ا ب)دا کرداری ڕستەکان ڕابردو و ڕانەبردوی بکەرنادیارن، کاتێ ڕەگی ڕانەبردوی کرداری (گـرت) کە (گـر - gir)ە، خرایە دروستەی فرێزی کرداری بکەرنادیارەوە، ئەوا ڤاوڵی بزرۆکە [i] دەگۆڕێت بۆ ڤاوڵی [ی - î ].

**4- دروستە مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکان لە ڕستەدا:**

ئەمر پەیوەندی‌و تێکچڕژانەی هەر سێ ئاستی سینتاکس‌و مۆرفۆلۆجی‌و فۆنۆلۆجی تەنها دروستەی فرێزەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دروستەی ڕستەش دەگرێتەوە، بەتایبەتی لە دروستەی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا بەرچاودەکەوێت. ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی دروستەی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەك فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی لە جێکەوتەکانی بەرکارو

تەواوکەرو سەربارو دیارخەردا پاش گوێزانەوەیان بە جێناوی لکاو (بەکلیتیککردن) لە دروستەی ڕوکەشدا جێگیردەکرێنو بە بەشێکی ناو ڕستەکەوە دەلکێن، ئەمانەش کەرەستەی سینتاکسین، واتە بەرهەمی بەکلیتیککردنو گوێزانەوەن(ئومێد برزان برزو، 2010: 137). هەندێکجار لە ئەنجامی ئەم گوێزانەوەو بەکلیتیککردنە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی ڕوودەدەن، کە زیاتریش یاسای [تێچونی دەنگو پەیدابونی دەنگ] دەگرێتەوە، بەمەش دروستەی ڕستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی بەرهەمدێت. چونکە لەم جۆرە ڕستانەدا سێ جۆر یاسای گوێزانەوەی ڕێزمانی (سینتاکسی ـ مۆرفۆلۆجی ـ فۆنۆلۆجی)، کە هەریەکەیان سەر بە ئاستێکە، بەشداری لە ئەنجامدانی دەکەن(وریا عومەر ئەمین، 2014: 7). بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

نمونەی یەکەم:





ده + مان + ناسی + ی/یت

دەماناسی/دەماناسیت t pro

لەم نمونەیەدا ڕستەیەکی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی لە ڕۆنانی سەرەوەدا بەرهەمهاتوە، ئەویش بە لادانی فرێزی بکەری بەپێی یاسای (بکەرلادان)ی بەئارەزو، چونکە جێناوی لکاوی (مان) هەمان کەسو ژمارەی بکەرەکە دەنوێنێت، هەروەها فرێزی بەرکاری کراوە بە جێناوێکی لکاو لە دەستەی دووەم (یت)و گوێزراوەتەوە بۆ پاش دروستەی کردارەکەو جێگیرکراوە، لە کاتێکدا قەدی کردارەکە بە ڤاوڵی [ی] کۆتایی هاتوە، کە نیشانەی کاتی ڕابردووە، بەمەش (ی)ی مۆرفیمی کاتی ڕابردو لەگەڵ [ی] سەرەتای جێناوی لکاوی بەرکاری (یت) چونەتە سەریەك، بەپێی یاسای فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیش دو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن، بۆیە بەپێی یاسای تێچون [ی] سەرەتای جێناوەکە تێدەچێت، بەمەش ڕستە کورتکراوەکە دەبێتە (دەماناسیت)، هەروەها دەتوانرێت (ت)ی جێناوەکەش، کە زیادەیەکی گەردانییە، بە یاسایەکی ئارەزو (قرتاندن) لابدرێتو ڕستەکە دەبێتە (دەماناسی).

نمونەی دووەم:




pro شتەکانم بدەرێ/بدەیێ

pro t بمدەرێ/بمدەیێ

لەم نمـونەیەدا بە گـوێزانەوەی ئەم ڕسـتە سینتاکسـییە لە ڕۆنـانی ژێـرەوە بـۆ ڕۆنـانی سـەرەوە لە چوارچێـوەی ڕسـتەیەکی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسیدایە، ئەویش بە لادانی فرێزی بکەری یان فرێزی بـکەری‌و بەرکـاری پـێکەوە، پاشـان فرێـزی پێشـبەندییەکە بـۆ دروستەی مۆرفۆسینتاکسی نزمدەکرێتەوە، بەوەی فرێزی جێناوی (من) بە جێناوێکی لکاو لە دەستەی یەکەم (م)و لەسەر نیشـانەی کرداری فەرمانەکە (بـ) جێگیردەکرێت‌و پێشبەندی (بە) بۆ جێگرەپێشبەندی (ێ) نزمدەکرێتەوە، بەمەش دو ڤاوڵی [ە] ی کۆتایی ڕەگی کردارەکەو (ێ)ی جێگرەپێشبەندەکە دەکەونە پاڵیەك، بەپێی یاسای فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی دو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن، یان ئەوە یەکێك لە ڤاوڵەکان تێدەچێت، وەك لە نمونەی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا، یان دەنگێکی نوێ لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، لێرەدا دەنگی [ڕ] یان [ی - y ] لە نێوانیاندا دەردەکەوێ، بەمەش دروستەی ڕستەکە لە قاڵبی ڕستەیەکی کورتکراوەدا دەبێتە (بمدەرێ) یا (بمدەیێ).

5- دروستەی ڕستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی‌و لێڵی:


هەروەك چـۆن لێڵـی لە ئاسـت‌و لقەکـانی تـری زمانەوانیـدا بەرچاودەکەوێـت، بە هەمـان شـێوەش لە دروسـتەی ڕسـتە مۆرفۆسینتاکسییەکان‌و مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکانیشدا هەیە، ئەویش بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەو بەکلیتیککردنی کەرەستەکانی نـاو ڕستەوە دروستدەبێت، کە هەندێکجاریش چەند گۆڕانێکی دەنگی دێنە ئاراوە، بەمەش لە ڕۆنانی سەرەوەدا ڕستەکان هەمان فۆرم‌و دروستەیان دەبێت، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەریەکەیان خاوەن دروسـتەی سینتاکسـی‌و سـیمانتیکی خـۆیەتی. بـۆ نمـونە ڕسـتەی (دەمانبینی) ڕستەیەکی لێڵە لە قاڵبی ڕستەیەکی کورتکراوەدایە، کە سێ دروستەی ڕستەو سێ واتای جیاواز دەگەیەنێ:

ا- تۆ ئێمە دەبینیت.

ب- ئێمە تۆمان دەبینی.

پ- ئێمە ئەومان دەبینی.

(ا) ڕ.ژێرەوە: تۆ ئێمە دەبینیت (ڕانەبردو)





دە + مان + بین + ی (- ت)

ڕ.سەرەوە: pro t دەمانبینی

لەم ڕستەیەدا فرێزی بکەری (تۆ) بەپێی یاسای (بکەرلادان)ی بەئارەزو لە ڕۆنانی سەرەوەدا لادەدرێت‌و کەتیگـۆرییەکی بەتـاڵ (pro) لەجێی دادەنرێت، چونکە کلیتیکی بکەری کەرەستەیەکی فەرهەنگییەو لە ڕۆنانی ژێرەوەی کرداردا بـونێکی بەخـورتی هەیەو لە ڕوی کەس‌و ژمارەوە لەگەڵ فرێزی بکەریدا هاونیشانن. پاشان فرێزە بەرکارییەکە (ئێمە) دەکرێـت بە جێنـاوی لکـاو لە دەسـتەی یەکەم (مان)و دەگوێزرێتەوە بۆ ناو دروستەی کردارەکەو دەچێتە سەر ئەسپێکتی (دە -)و جێگردەبێت، بەمەش شوێنپێیەك بەجێدەهێڵێت، کە لەگەڵ کلیتیکە گوێزراوەکە لە ڕوی کەس‌و ژمارەوە هاونیشانە دەبن، دەشێت (ت)ی جێنـاوی لکـاوە بکەریـیەکە (یـت) بە یاسـای بەئارەزو بقرتێنرێت، چونکە زیادەی گەردانییە، بەمەش ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی (دەمانبینی) بەرهەمدێت.

(ب) ڕ.ژێرەوە:        ئێمە    تـۆ مـان    دەبینی    (ڕابردو)





ده + مان + بینی + ی (ـ ت)   [یاسای فۆنۆلۆجی]

ڕ.سەرەوە:        pro    t    دەمانبینی

لەم ڕستەیەشدا دەشێ فرێزە بکەرییەکە (ئێمە) بەپێی یاسای بکەرلادان لە ڕۆنانی سەرەوەدا لابدرێت، پاشان فرێـزی بەرکـاری (تـۆ) دەکرێت بە جێناوی لکاو لە دەستەی دووەم (یت)و دەگوێزرێتەوە بۆ ناو دروستەی کردارەکەو دەچێتە سەر نیشـانەی کـاتی ڕابـردو (ی)، بەڵام لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردیدا دو بزوێن بەدوای یەکدانایەن، بۆیە بەپێی یاسای تێچون (ی)ی سەرەتای جێنـاوە لکــاوە بەرکــارییە تێــدەچێت، هەروەهــا (ت)ەکەش زیــادەی گەردانیــیەو بە یاســای بەئــارەزو دەقرتێنرێــت، بەمەش ڕســتەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی (دەمانبینی) بەرهەمدێت. چونکە لەم جۆرە داڕشـتنەدا هاوکـات سێ جـۆر یاسـا (سینتاکسـی - مۆرفۆلـۆجی - فۆنۆلۆجی) بەشدارییان لە گوێزانەوەی ڕستەکە لە بنجەوە بۆ سیما کردوەو لە چوارچێوەی ڕستەیەکی کورتکراوەدا دایانڕشتوە **(وریا عومەر ئەمین، 2014: 12).**

(پ) ڕ.ژێرەوە:        ئێمە    ئەو مـان    دەبینی    (ڕابردو)




ده + مان + بینی + Ø

ڕ.سەرەوە:        pro    t    دەمانبینی

لە ڕستەی سێیەمدا فرێزە بکەرییەکە (ئێمە) بەپێی یاسای بکەرلادانی بەئارەزو لە ڕۆنانی سەرەوەدا لادەبرێت، پاشان فرێزی بەرکـاری (ئەو) لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەکرێت بە جێناوی لکاو لە دەستەی دووەم (سـفرە)و دەگـوێزرێتەوە بـۆ کۆتـایی دروسـتەی کـردارەکەو دەچێــتە ســەر نیشــانەی کــاتی ڕابــردو (ی)، بەڵام لەبەرئەوەی فــۆرمەکەی ســفرە، دەرناکەوێــت، بەمەش لە ڕۆنــانی ســەرەوەدا دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی (دەمانبینی) بەرهەمدێت.

پاش شیکردنەوەو پەسنکردنی دروستەی هەر سێ ڕستەکە، بۆمان دەرکەوت، لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەستەیەك یاسای گوێزانەوە، دروستەی هاوشێوەو هاوسیما لە ڕۆنانی سەرەوەدا دروستدەکەن، بەوەش لێڵی ڕێزمانیان دروستکردوە، بەڵام لە ڕۆنـانی ژێـرەوەدا سێ دروستەی ڕستەی جیاوازو سێ واتای جیاوازن.

هەروەها ڕستەی (دەخورێت) ڕستەیەکی لێڵە، کە لە قاڵبی دروستەیەکی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسیدا دەردەکەوێت، کە بە لایەن کەمەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دو دروستەی ڕستەو دو واتای جیاوازیان دەبێت، کە ئەمانەن:

ا- نانەکە دەخورێت. (بکەرنادیار)

ب- دەستی دەخورێت. (بکەردیار)

ڕستەی (دەخورێت) دو ڕۆنانی ژێرەوە هەیە، کە هەر سێ یاسای گوێزانەوەی (سینتاکسی - مۆرفۆلۆجی - فۆنۆلۆجی) بەشداری لە داڕشتنیاندا دەکەن، بەم شێوەیە:

(ا) ڕ.ژێرەوە نانەکە دەخورێت (ڕانەبردوی بکەرنادیار)

pro

ڕ.سەرەوە: pro دەخورێت (دە + خۆ + ر + ێ + ێت)

(ب) ڕ.ژێرەوە: دەستی دەخورێت (ڕانەبردوی بکەردیار)

pro

ڕ.سەرەوە: pro دەخورێت (دە + خورێ + ێت)

ئەم دو ڕستەیە هەمان دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسیان لە ڕۆنانی سەرەوەدا هەیە، بەوەش لێڵی ڕێزمانییان دروستکردوە، بەڵام بە شیکردنەوەی دروستەی هەردو ڕستەکە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم ڕستەیە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دو قاڵبی ڕستەو دو واتای جیاوازن، بەم جۆرە:

1- لە ڕستەی (ا)دا دەتوانرێ فرێزی بکەرییەکە بەپێی یاسای گوێزانەوە (بکەرلادان) لابردرێ، هەروەها فرێزی کردارییەکەش کە ڕانەبردوی هەواڵیی بکەرنادیارە لە مۆرفیمەکانی [ئەسپێکتی بەردەوامی (دە)و ڕەگی چاوگی خواردن (خۆ)و مۆرفیمی نادیاری (ر)و مۆرفیمی کاتی ڕانەبردو (ێ)و مۆرفیمی کەسوژمارە (ێت)] پێکهاتوە، دەبینین هەردو مۆرفیمی (ێ)ی نیشانەی کاتی ڕانەبردوو مۆرفیمی (ێت)ی نیشانەی کەسو ژمارە بەدوای یەکداهاتون، بەپێی یاسای فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی دو ڤاوڵ بەدوای یەکدا نایەن، بۆیە ڤاوڵ [ێ] سەرەتای جێناوە لکاوەکە تێدەچێت. بەمەش ڕستەکە لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەبێتە (دەخورێت).

2- لە ڕستەی (ب)دا دوبارە فرێزی بکەرییەکە بەپێی یاسای گوێزانەوەی (بکەرلادان) لابراوە، فرێزی کردارییەکەش کە ڕانەبردوی هەواڵیی بکەردیارە، لە مۆرفیمەکانی [ئەسپێکتی بەردەوامی (دە)و ڕەگی چاوگی خوران (خورێ)و مۆرفیمی کەسو ژمارە (ێت)] پێکهاتوە، دەبینین دوادەنگی ڕەگی کردارەکە ڤاوڵی [ێ]یەو سەرەتادەنگی جێناوە لکاوەکەش ڤاوڵی [ێ]یەو بەدوای یەکداهاتون، بۆیە ڤاوڵی [ی] سەرەتای جێناوە لکاوەکە تێدەچێت. بەمەش ڕستەکە لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەبێتە (دەخورێت).

### ئەنجامەکان

1- دروستەی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەمی پەیوەندیو تێکچڕژانی هەردو ئاستی سینتاکسو مۆرفۆلۆجییە، بەڵام دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی بەرهەمی پەیوەندیو تێکچڕژانی هەر سێ ئاستی سینتاکسو مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجییە، واتە لە ئەنجامی سەرەوڕیزکردنو خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفیمەکان لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی ناو سینتاکسدا بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزو ڕستە، ڕوبەڕوی کۆمەڵێك یاسای فۆنۆلۆجی دەبنەوە، بەمەش دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس بەرهەمدێت.

2- ئەلۆمۆرف شێوە جیاجیاکانی هەمان مۆرفیمە، بۆیە ئەلۆمۆرفەکان سەرچاوەی سەرەکیی دروستبونی پەیوەندیو بەیەکگەیاندنی ئاستەکانی سینتاکسو مۆرفۆلۆجیو فۆنۆلۆجینو هاتنەئارای دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسین.

3- دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس هەمو مۆرفیمە بەندەکان (جگە لە گیرەکە وشەدارێژەکان) دەگرێتەوە، بەو واتایەی گیرەگی وشەگۆڕو بنەمای کردارو نوسەکەکان بەپێی ژینگە فۆنۆلۆجییەکانیان بەر ئەم جۆرە دروستانە دەکەون.

4- ئاستی مۆرفۆفۆنیمی هەردو لێکۆڵینەوەی دروستەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی و دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی دەگرێتەوە، چونکە لەم ئاستەدا یاساو گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان لە هەردو ئاستی مۆرفۆلۆجیو مۆرفۆسینتاکسدا ڕودەدەن.

5- مۆرفیمە بەندەکان (گیرەکی ڕێزمانی، بنەمای کردار، نوسەك) لە ئەنجامی سەرەوڕیزبونو خستنەتەکیەکیان لەگەڵ مۆرفیمە سەربەخۆکاندا چەند فۆرمو شێوەی جیاوازیان دەبێت، بەمەش دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە فرێزدا بەرهەمدێت. بەڵام دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە ڕستەدا لە ئەنجامی گوێزانەوەو بەکلیتککردنی فرێزی ناوی یان فرێزی جێناویو سەرەوڕیزبونیان لە دروستەی ڕستەی کورتکراوەو هاتنەئارای چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت.

6- لە ئەنجامی گوێزانەوەو بەکلیتککردنی کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە لە دروستە مۆرفۆسینتاکسیو مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکاندا، دو یان زیاتر ڕستەی هاوشێوەی لێڵ دروستدەبن، کە هەریەکەیان لە ڕۆنانی ژێرەوەدا خاوەن دروستەی ڕستەیەکی سینتاکسیو سیمانتیکی تایبەت بە خۆیەتی.

### پەراوێزەکان

* شایانی باسە ڕستەی کردارە ئەلفییە تێنەپەڕەکان کە لە ڕابردودا بە دەنگی [ا] کۆتاییان هاتوە، کاتێ ڕەگی کاتی ڕانەبردویان وەردەگرێت، بەوەش گۆڕانی دەنگیان بەسەردا دێت، بە گۆڕینی دەنگی [ا] بۆ دەنگی [ێ]، هەر بۆیە بە گۆڕینی ئەم ڕستانەش لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ بەپێی یاسای [ڕەگی کردار + پاشگری (ان) + نیشانەی کات (د)] لە ڕابردو و یاسای [دە + ڕەگی کردار + پاشگری(ێن) + جێناو] لە ڕانەبردودا، دەبینین ڕەگی کردارەکان بە دەنگی [ێ] کۆتاییان هاتوەو لە هەمان کاتیشدا سەرەتادەنگی پاشگرەکەش دەنگی [ا] و [ێ] یە، بەمەش دوادەنگی [ێ]ی ڕەگی کردارەکە تێدەچێت.

** بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم ڕێگایانەوە، بڕوانە:

ا- وریا عومەر ئەمین (2004: 132-137).

ب- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (2000: 106-182)

*** شایانی باسە، جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م ، یت، ین، ن، ن) بەر ئەم گۆڕانە دەنگیانە ناکەون.

### سەرچاوەکان


ا- بە زمانی کوردی:

1- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د) (1979)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی یەکەم ـ ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

2- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د) (2000)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم ـ کردار، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

3- ئەبوبەکر عومەر قادر (2003)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

4- ئومێد برزان برزو (2010)، مۆرفۆسینتاکسو دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی.

5- بازیان یونس محی الدین (2008)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەڵاحەدین.

6- ڕەفیق شوانی (د) (2011)، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر.

7- عبدولواحید موشیر دزەیی(د) (2012)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.

8- کەوسەر عەزیز ئەحمەد (1990)، بیردۆزی مۆرفیمو هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەڵاحەدین.

9- ليمۆ محمود تۆفيق (2012)، دەربڕینی چەمکی دیاریکردنو ئاشکرانەکردنی ناو لە کوردیو چەند هاوگروپی خۆیو دوور لێوەی، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان ـ سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

10- محەمەد مەعروف فەتاح (د)و سەباح ڕەشید قادر(د) (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

11- وریا عومەر ئەمین(د) (2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

12- وریا عومەر ئەمین(د) (2014)، مۆرفۆفۆنۆسینتاکس، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ژ (23).

ب- بە زمانی عەرەبی:

13- أحمد مختار عمر(د) (1997)، دراسه الصوت اللغوي، القاهره.

14- بريجيته بارتشت (2010)، مناهج علم اللغه، ترجمه وتعليق: أ.د. سعيد حسن بحيرى، مؤسسه المختار للنشر والتوزيع، القاهره.

15- ميشال زكريا (1980)، الالسنيه (علم اللغه الحديث): المبادى والاعلام، الطبعه الاولى، المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان.

16- ماريوباى (1998)، أسس علم اللغه، ترجمه وتعليق: د. احمد مختار عمر، الطبعه الثامنه، القاهره - مصر.

17- نايف خرما (1979)، أضواء على الدراسات اللغويه المعاصره، الطبعه الثانيه، عالم المعرفه، سلسله (9)، مطابع دار القبس، الكويت.

پ- بە زمانی ئینگلیزی:

18- M.M. Fattah (1999), Cliticization Vs Inflection:A Re-analysis of some Linguistic forms in kurdish, Zanko, The scientific journal of salahaddin university - Arbil, No (7).

19- G.Leech (2006), A Glossary of English Grammar, Edinburgh University press.

**ملخص**

عنوان البحث هو "البنية النحويه الصرفيه الصوتيه/ مورفوفونوسينتاكس في اللغة الكوردية". تكلم الباحث فيه عن مصطلح ومفهوم مورفوفونوسينتاكس والبنية المورفوفونوسينتاكسيه في بنية العبارة والجملة، واردف ذلك الكلام عن بنية الجملة المورفوفونوسينتاكسيه والغموض في اللغة الكوردية.

وفي الخاتمة عرضنا أهم نتائج البحث، وبعدها جاءت قائمة المصادر والمراجع.

**Abstract**

The title of the research is "The structure of morphophonosyntax in Kurdish Language". This concerns the concept and the terms of the structure morphophonosyntax and shows the structures of morphophonosyntax in phrases and sentences, and structure of morphophonosyntax and ambiguity in Kurdish Language .

At the end, the most important conclusions are put forward with a list of the references.